## سرودی سەربەخۆیی

کامیل ژیر

کوردم و مەردو نەبەردم، قارەمان

شەرمەبۆمن ژێردەسەی داگیرکەران

مژدە مژدە ، مژدەیە بۆ شارو دێ

واکەژاوەی سەربەخۆیی کەوتە ڕێ

بچنەرێگەی ئەو فریشتەی نەوگوڵە

فەرشی سوری بۆهەوادەن جێی دڵە

سەربەخۆیی چارەمە

دواهەلی ئەمجارەمە

***

سەربەخۆیی هێزو بیرو باوەڕە

ڕەوتی ڕێگەی شێرەکوردانی نەڕە

نەوشکۆفەی لالەزاری سەردەمە

بێ هەبونی، کامەرانی ئەستەمە

داری ئازادی بە بونی دێتە بەر

مەشخەڵانی ئاوەدانی، تاجی سەر

هاوبیرانم : ڕاپەڕن

بەرگی سستی دادڕن

***

کوردم و کانی بەپیتی گەوهەرم

وا لە ئاسۆدایە خۆرم، سەروەرم

کێوی جودیش بۆ بزورگیم بەڵگەیە

پشت و باڵ و راگرم: پێشمەرگەیە

من نەوەی مادم ، نمونەی پاکژیم

وەک نەریتی باپیرانم کەڵ ئەژیم

ئەم مژارە، بیرو هەستە

کوردم و مافم بە دەستە

--------------------